# هاتن بۆ هەمووان نییە!

فۆتۆ: حەمید جانیپوور




تۆ بۆت هەیە بێیت

مناڵانی کۆڵان بۆیان هەیە بێن

موسافیرە غەمگینەکان

عاشقانی پێکراو

پۆستەچییە نیگەرانەکان و

پیرەمێردە دەسفرۆشە زویرەکانیش

بێن

هاتن بۆ هەمووان نییە

بەڵام تۆ بۆت هەیە بێیت و

تارژەن و غەمژەن و دەفژەنەکان

باغەوانانی تەنیای باخە دوورە
کان و

پەرەسێلکە تەڕەکانیش لە گەڵت بێن

تۆ بۆت هەیە بێیت و

کۆتر و پەپوولە و شەمشەمە وردبینەکان

لەقلەقە حەکیم و زیکزیکە قسە زلەکان

هەر هەموو هەژدیها و فیل و نەهەنگ و تیمساحەکان

هەر هەموو مێروولە و هەنگ و کرم و

خاڵخاڵۆکەکانیش با بێن

هاتن بۆ هەمووان نییە

بەڵام تۆ بۆت هەیە بێیت

بەیانییەک زوو دەڕۆم

بە جانتایەکەوە

لە چایخانەکەی گەراج دادەنیشم

چاوەڕێتان دەکەم بێن و

هەر هەموو پێکەوە بڕۆین!

هاتن بۆ هەمووان نییە

بەڵام تۆ بۆت هەیە بێیت

پاشا و سوڵتان و ئەمیر و بارۆن و

ژەنەراڵەکان بۆیان نییە بێن

زاهید و شاعیر و قەدیس و گەڕیدە

برینداره‌کان دێن

هاتن بۆ هەمووان نییە

بەڵام تۆ بۆت هەیە بێیت و

خودا و نیشتمان

وێنە ڕەش و سپییە غەمگینەکانی دڵشکان و

هەر هەموو کوژران و ڕەقبوونەوەکان

لەگەڵت بێن

تۆ بۆت هەیە بێیت و

با ماڵەباجێنەکانی کچێنیی

مسۆدەی ڕارای نامەکان و

هەر هەموو ڕاوەستانی پڕ لە دڵەخورپەی

ئەمدیو دەرگەی حەوشەکانیش لەگەڵت بێن

ئێوارەیەکی درەنگ جانتا دەپێچمەوە و

دەڕۆم

لە بەندەرێکی غەریب

لە دوای بەلەمێکی بچکۆلەدا دادەنیشم و

چاوەڕێتان دەکەم هەر هەموو بێن!

هاتن بۆ هەمووان نییە

بەڵام تۆ بۆت هەیە بێیت

مانگ بۆی هەیە بێت

با و باران و بەفر و هەتاو

ڕووناکی و تاریکیی

ئومێد و نائومێدیی

چەپ و ڕاست

ئاگر و ئاو و

وەرزەکان وەک چوار منداڵی ئاقڵی

دەستوپل بۆیاویی

یەک لەدوای یەک

بە ڕیز بێن

شەوێک کە کەس بە دەرەوە نییە

دەچم بۆ سەفەر

بە جانتایەکەوە لە وێستگەیەکی غەمگینی قەتار

بە تەنیا لەسەر سەکۆیەک دادەنیشم

چاوەڕێتان دەکەم بێن و

هەر هەموو پێکەوە بڕۆین!

ئایاری 2011

سلێمانی